# تكايه تا مادەی 140 جێبەجێ نەکرێت خۆشەویستی مەکەن؟!


## هۆشەنگ شێخ محەمەد


2007/5/8

خەریکە قسە کردن لە سەر تاوانی کوشتنی دوعا، لە لایەن هەندێ کەس و لایەنەوە بە شێوازی جیا جیا شرۆڤە ئەکرێت و زۆر مەسەلەی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ ئەکرێت، وەك ئەوەی ئەو تاوانە بووبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کورد و مادەی سەد و چل و چارەنووسی کەرکوك و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و بەرپابوونی شەڕێك لە نێوان ئێزیدی و موسڵمانە کوردەکان و دەیان مەترسی دیکە.

لێرەدا چەند تێبینییەك ئەدەم:

1. پێئەچێت زۆرانمان بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی سیاسی و پیاوە دینییەکان و راگەیاندنی حزبی لە کوردستان و هەندێ بە ناو رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانیش، وا تێبگەن کە بەراستی کورد لە ئاست مادەی 140 و کەرکووك و ناوچەکانی دی شەو و رۆژ کارئەکات و هیچ کێشەیەکییان نەهێشتووە و هەموو توانا و بایەخی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە خەرج ئەکەن. تەنیا دوعا نەبێت ئەو بووە مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئەو مەسەلانە؟! وا پێئەچێت ئەیانەوێ پێمان بڵێن، پێویست بوو دوعا تا مەسەلەی 140 چارەسەر نەکرابایە ئەبوایە خۆشەویستی نەکردبایە؟!!!! ئەو عەقلییەتەی لەپشت ئەو قسانەوە گووتارێکمان ئەداتێ کە بیر لەهەر شتێك بکاتەوە بیر لە دەستدانی گیانی مرۆڤێك ناکاتەوە کە تەنیا ویستوویەتی خۆشەویستی بکات و چ پەیوەندی بە مادەی 140 و هیچ مادەیەکی دیکە نەبووە، پێویست بوو ئێمە هەموومان خەیاڵمان بۆ ئەو مادە دەستوورییانە چووبا کە خۆشەویستی و عەشقی دوو مرۆڤی دین جیاواز لە یەکدییەوە ئەکەنە تاوان . ئەو مادانەی بە ئاشکرا پێمان ئەڵێن پێش ئەوەی ئێمە مرۆڤ بین ، ئێمە ئیسلامین و ئەوانی دیش ئێزیدی و مەسیحی و خاوەن دینەکانی دین. کوشتنی دوعا ئەبوایە ئێمە لە مەترسی ئەو بەندانە و بەتایبەتی لە بەندی حەوتەمی رەشنووسی دەستووری کوردستانمان ئاگادارکاتەوە نەوەك لە مادەیەك کە رەنگە بەخەونیش لە 2007دا جێبەجێنەکرێت؟!

2. ئەگەر ئەو تاوانە لە لایەن هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان و تیرۆرستانەوە ئیستغلال ئەکرێت و ئەیکەنە بەهانەیەك بۆ کوشتنی ئێزیدییەکان و کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە پێویست ئەکات دەسەڵاتەکانی کوردستان بیر لەوە بکەنەوە کە بە پێی قانونی نوێ و مرۆڤانەتر و گونجاوتر بۆ ئەو سەردەمە ، دوور لە روحی توندی دینەکانەوە ئەم مەسەلانە بۆ ماوەیەکی درێژ چارەسەر بکەن، پێویست ئەکات هەموو لایەك لەوە بگەن کە ئەو قانون و دینانە ناتوانن رێ لە خۆشەویستی مرۆڤەکان بگرن، کە نەتوانن جوانتر و شیاوترە روحی ئەو قانونانە لەگەڵ ویستی مرۆڤەکان بگونجێندرێن و بگۆڕێن و لەگەڵ حەز و عەشقی خەڵکی رێك بخرێن، دوای ئەوەش من لەوە ناگەم بۆچی لە وڵاتانی دراوسێ و نزیك بە خۆمان مەسیحی و موسڵمان و ئێزیدی بۆیان هەیە و ئەتوانن هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکدی پێك بێنن ئێمە ناتوانین؟! ئایا ئەو دینانە هەمان دین نین..؟ هەمان ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی نین؟ ئەگەر هەمان دین بن ئەی بۆ بانێکە و دوو هەوا؟! ئەگەر هەمان دینیش نین ئەبێت بپرسین لەو دەمەدا دینی کامەمان مرۆڤایەتیتر و جوانتر و نەرمترە؟!! خۆ ئەگەر بەو پێیە بەراوردیان بکەین ئەوە ئەبینین ئێمەین توندڕەو و تیرۆریست !!!

3. کاتێك تاوانێکی ئاوا گەورە بۆ مەرامی حزبی و بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێ گرتن لە فیتنە و شەڕ و ئاژاوەگێڕیی ئەخرێتە ئەو گۆشە تەسکانەوە، ڕەنگە لە لایەن زۆربەی خەڵکییەوە قبوڵ بکرێت و وای لێکبدەنەوە کە کارێکی باشە و لە بەرژەوەندی گشتی دایە، من بۆ خۆشم قبوڵمە و ئەڵێم با قەت و قەت شەڕ و ئاژاوە لە کوردستاندا هەڵنەگیرسێت و نەفرەت لە دوژمنانی کورد و کوردستان، بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەو دروشمە جوان و نەتەوەییانە نین، بەڵکو پێویستە ئێمە ئەوەمان لە بیر نەچێت ناتوانین بە هیچ شێوەیەك پاساو بۆ ئەوە بێنینەوە کە کوشتنی دوعا تەنیا مەترسییەکە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و پێویستە بێدەنگی لێبکەین بۆ ئەوەی ئەو هەلە نەقۆزرێتەوە، نەخێر من ئەڵێم ئەگەر دوعا جارێکیان بووە قوربانی دین و کەلتووری سەقەتی خۆمان، با جارێکی دیکەش نەیکەینەوە قوربانی ئاسایشی نەتەوەیی؟!!! پێویست ئەکات دەسەڵات و دەزگە دینییەکان ئەوە بزانن کە بەم شێوەیە ناتوانین ڕێ لە تاوانی دیکە و کارەساتی گەورەتر بگرن، بە جێبەجێکردنی مادەی سەد و چل ڕێ لەو کارەساتانە ناگیرێت بەڵکو بە پێچەوانەوە بە عەشق و خۆشەویستی زیاتری دینە جیاوازەکانی کورد لەگەڵ یەکدی ئەتوانین ئاسۆیەکی هەقیقی لەبەر دەم هەموو مادەکانی دەستووردا بکەینەوە.

4. شتێك کە هەمیشە پێویستە لە بیرمان نەچێت، لە هەر بارێکدابین، لە هەر ڕەوشێکی ئاسایش و مەترسیدار دا بین، هەر چەند دوژمنانمان بۆمان لە بۆسەدا بن، پێویستە چارەنووسی هەر تاکێکمان بەقەدەر چارەنووسی نەتەوەیەك لە لا گرینگ بێت. ئێمە دوعامان لەدەست دا، پێش ئەویش بە هەزاران کچ و ژنمان لەدەستداوە، ئەگەر هەر بەو ئەقلییەتە بەردەوام بین ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە چیرۆکی کوشتنی دوعاکان هەر بەردەوام ئەبن و بە بروبیانووی جیاوازیشەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پاساو بۆ ئەو تاوانانە ئەهێنرێنەوە بەناوی نامووس و بەناوی حەساسییەتی ڕەوشی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێگرتن لە فتنە و هتد.....

5. گیانی دوعا، کارەساتی کوژرانی دوعا، ئەوەندەی پەیوەندی بە مادە تۆقێنەرەکانی دەستووری عێراق و ڕەشنووسی دەستووری کوردستانەوە هەیە، بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بەمادەی 140 وە نیە، جێبەجێکردنی ئەو مادانەی پێ لەسەر مەسەلە دینییەکان و ئەقڵییەت و کەلتووری ئیسلامدا دا ئەگرن لە هەرێمدا بۆ هەتایە مەترسین لەسەر ژیانماندا، ژیانی ئێمە، شێوەی عەشق و خۆشەویستییەکانمان، چیرۆکی دڵداری و حەزەکانمان مەترسی نین لەسەر گیانی مادەکان و دەستوور بەگشتی، بەڵکو ئەوە ئەو ماددانەن، ژەهر ئەکەن بە ژیانمان و کارەساتمان بۆ ئەگرنەوە و مەترسی لەسەر ژیانمان ئەچێنن.